

# گەر بۆ ڕۆژێ ..هۆنراوەی شالاو

گەر بۆ ڕۆژێ تۆیارم بی
چی پەنجەرەی مالەکەتە
دەیکەم بە گوڵ
چی بەردەرگای ژوورەکەتە
دەینەخشێنم
بە ڕەنگی دڵ
هەرکوێ بلٚێ ی لەوێ دەبم
بۆ هەر کوێ بڕۆی منیش دێم ..
گشت بەیانیان لەگەڵ بولبول
گشت ئێواران
لەگەڵ کەناریە کێویەکان
هەر من گۆرانیت بۆ دەڵێم

گەر بۆ ڕۆژێ تۆ یارم بی
خۆرو مانگ وئەستێرەکان
دەکەم بە ملوانکەی شیرین
هەرچی دنکەشیعرم هەیە
بۆت دەکەم بە کوپە هەنگوین

گەر بۆ ڕۆژێ تۆ یارم بی
دڵم دەکەم بە وولاتێ
بۆ ئاشقەکانی نیشتیمان
بڕیاری یەکجاری دەدەین
کەس نەشکێنی ئیتر پەیمان

گەر بۆ ڕۆژێ تۆ یارم بی
دڵم  بۆتۆ بەدیاری بێ لەگەل جەرگم
بە مەرجێ تۆ دەمت بێنە
با تێکەل کەم
هەناسەی تۆ لەگەڵ یەک هەناسەی گەرمم   ...